حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەروەردە

# ستراتیژی راهێنانی مامۆستایان
# 2030 - 2023
# رێبەری مامۆستای راهێنەر

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتـــــی پـــــــــەروەردە

ستراتیژی راهێنانی مامۆستایان

2023 - 2030

# رێبەری مامۆستای راهێنەر


| | |
|---|---|
| **ئامادەکردنی:** | وەزارەتی پەروەردە |
| **سەرپەرشتی چاپ:** | وەزارەتی پەروەردە |
| **دیزاین:** | ئاکار جەلیل کاکەوەیس |
| **چاپ:** | یەکەم (2023) |



# ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر

## 2030 - 2023

کەم بواری جڤاتی هەن هێندەی بواری پەروەردە و فێرکردن کاریگەرییان لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە هەبێت، بە شێوەیەك لە بواری پەروەردە و فێرکردن مامۆستایان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکان، دوو لە گرنگترین کارەکتەرەکانی ناو دامەزراوە پەروەردییەکانن. ئاستی کوالێتی ئەو دامەزراوانەش بە ڕادەیەکی زۆر هاوتەرییە لەگەڵ ئاستی کارامەیی و توانای

مامۆستایان و دەستەی بەڕێوبەرایەتییەکانیان. بە ئەندازەیەك تا ئاستی دیداکتیکی و زانستی و پەروەردەیی مامۆستاکان بەرزتر بێت، ئەگەری بەرەوپێشچوونی کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت. لەوەش زیاتر؛ تا گیانی هاوکاری و پاڵپشتی و ڕێبەرایەتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوەکانیان زیاتر بێت، ئەوا ئەگەری پەرەپێدانی بواری پەروەردە و فێرکردن بەرزتر دەبێت. ئەمەشیان ڕوانگە و تێگەیشتنی چەسپاوی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و زۆر لە لێکۆڵینەوە گەردوونییەکانی بیست ساڵی ڕابووردووش هەمان دەرئەنجام دەدەنە دەست.

یەکێك ئەنجامەکانی یەکێك لە فراوانترین لێکۆڵینەوەکانی جیهان لە بواری پەروەردە و فێرکردن، کە بە وردی خوێندنەوەی بۆ سیستەمی پەروەردەی زۆر لە وڵاتانی جیهانی کردووە دەڵێت: "کوالێتی هیچ سیستمێکی پەروەردە و فێرکردن لە هیچ وڵاتێك لە کوالێتی مامۆستاکانی باشتر نابێت" و "تەنها چارەسەر بۆ باشترکردنی ئەنجامەکانی خوێندن، باشترکردنی میتۆدی وانەوتنەوەیە".

ئەنجامی لێکۆڵینەوەی جیهانی دیکەش هەن کە پێیان وایە جگە لە مامۆستایان، فاکتەرێکی گرنگی دیکەی پێشخستن، ڕادەی پاڵپشتی و ڕێبەرایەتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەییەکانن. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سەرکەوتوو دەتوانێت داهێنەر و پێشەنگ بێت و بە پێچەوانەشەوە دەتوانێت ببێتە مایەی سەرنەکەوتن و چەقبەستوویی.

بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و بەرنگاربوونەوەی

دیکتاتۆریـەت و شـەڕی تێـرۆر لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان بـە تایبەتـی، نەتوانـراوە ڕووبەڕووبونـەوەی ئاسـتەنگییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بە پێی پێویسـت بێت. ئاسـتی توانـای دیداکتیکـی و زانسـتی و پەروەردەیـی مامۆسـتایان و هەروەهـا توانـا و گیانـی پاڵپشـتی و ڕێبەرایەتی دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی دامەزراوە پەروەردەییـەکان لە هەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بە وەرچەرخان و ئاسـت بەرزکردنەوە هەیە.

بـۆ ئەو مەبەسـتەش یەکێـك لـە پێویسـتییە کاریگەرییـەکان، ڕاهێنانی مامۆسـتایان و فەرمانبەرانـی دیکـەی دامـەزراوە پەروەردەییەکانـە. هەربۆیـە ئـەم سـتراتیژی ڕاهێنانـە کۆڵەکەیەکـی گرنگـە و چەنـدان بـوار لە خۆدەگرێـت، لەوانە: کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆسـتایان و دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتییـەکان، ڕەخسـاندنی کات و پێداویسـتیە ماددیەکان بۆ ئەو مەبەستە. پەرەپێدان بە زانست و هونەری وانەگوتنەوە، فیدباکی قوتابی و خوێندکار، دەستنیشانکردن و ئەرکەکان و مافەکانی مامۆستایانی ڕاهێنەر، و هتد.. بە نموونە.

وەزارەتـی پـەروەردە کردنـەوەی خولـی ڕاهێنان بەشـێوەیەکی فـراوان و هاوچەرخانەی بە ئەرکێکی گرنگی خۆی زانیووە و ماوەیەکی زۆریشە دەستی بەو کارە کردووە. بۆ ئەوەی مامۆستایان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بتوانن لەو خولانە بەشدار بن، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش لە ڕێگەی یاساوە مافـی (30) سـی کاتژمێـری بەلایەنـی کـەم بـۆ مامۆسـتایان و دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی و ڕێنماییـکاری پەروەردەیـی تەرخـان کـردووە. لـە لایەکـی

دیکەشـەوە، وەزارەتی پـەروەردە توانای ماددی دابینکـردووە بۆ ئەوەی ئەم خولانە لە گشت ناوچە جیاوازەکانی هەرێم کوردستان بکرێنەوە و لە ڕێگەی ڕاهێنـان بـە ژمارەیـەك ڕاهێنـەر بتوانرێـت ڕاهێنـان بە گشـت مامۆسـتایان و دەسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی دامـەزراوە پەروەردەییـەکان و ڕێنماییـکارە پەروەردەییەکان بکرێت.

ئـەم سـتراتیژ و ڕێبـەرە جۆرێکـن لـە ڕێنوێنی گشـتی، کە کارئاسـانی بۆ مامۆستای ڕاهێنەر دەکات بۆ ئەوەی کارەکەی بەباشی و پێشچاوڕوونیەوە جێبەجـێ بـکات. ڕاهێنانـی مامۆسـتایان لـە هەشـت تـەوەری سـەرەکی پێکهاتـوون، وەک لـەم گرافیکەی خـوارەوە ڕوونکراوەتەوە، کـە ئامانج لێی توانادارکردنی مامۆستایانە.

لـەم ڕێبـەرەدا میتۆدی وانەوتنەوە وەک نموونە بـاس دەکرێت و بۆ هەر تەوەرێکـی دیکـەش لـە ئایندە پێشـچاوڕوونی زیاتـر بە مامۆسـتای ڕاهێنەر دەدرێت.

# ستراتیژی ڕاهێنانی مامۆستایان 2023 - 2030 بە گرافیك





## یەکەم: دیداکتیک:

دیداکتیـک، واتـە زانسـت و هونـەری وانەگوتنـەوە. کـە یەکێکـە لـەو هەشت تەوەرەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە.

لە هەمـوو پەروەردە پێشـکەوتووەکانی جیهان، دیداکتیـک پانتاییەکی یەکجـار گـەورە داگیـر دەکات، چونکـە دەبێتە هـۆی بەرزکردنـەوەی کارایی قوتابی/خوێنـدکار. بەپێـی گەورەتریـن بانکـی جیهانـی کـە 100 هـەزار توێژینـەوەی زانسـتیی شایسـتەی لەخـۆ گرتووە و 100 ملیـۆن قوتابی و خوێندکار بەشـداریان تێدا کـردووە، ئەندازەی کاریگەری دیداکتیک لەسـەر کارامەیـی قوتابی/خوێنـدکار زۆر بـەرزە و دەگاتـە 0.79. ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنێـت کـە ئەم میتۆدانەی مامۆسـتایانی هەرێمی کوردسـتان کاری پـێ دەکـەن، دەبنە هۆی ئەوەی کارامەیـی قوتابی/خوێندکار بە ڕادەیەکی

باش بەرزببێتەوە و ئەوان ببنە بەشێک لە پرۆسەی فێربوون. ئەم میتۆدانە کار لەسەر فێربوون، فێربوونی بەرجەستە و بنەماکانی تیۆریی مەعریفی دەکەن، کە دەبنە هۆی گەشەکردنێکی جۆری لە سیستمی پەروەردە.

## دووەم:پێناسەی مامۆستای ڕاهێنەر:

مەبەست لە مامۆستای ڕاهێنەر لەم دۆکیومێنتەدا ئەو کەسەیە کە خولی ڕاهێنانی دیداکتیکی (40) کاتژمێری لە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی (2023/2022) بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە. لە ئایندەشدا پێویستە لە چوارچێوەی ستراتیژی ڕاهێنانی ئاماژەپێکراو خول لەسەر تەوەرەکانی دیکەش ببینێت.

## سێیەم: ئامانجی مامۆستای ڕاهێنەر:

ئامانجی سەرەکی مامۆستای ڕاهێنەر بریتییە لە گۆڕینی سیستمی وانەگوتنەوە لە ناوەندەکانی خوێندن لە سیستمی کلاسیکییەوە بۆ سیستمێکی هاوچەرخ، ئەمیش لە ڕاهێنانی مامۆستاکانەوە لەسەر چەندین مۆدێل و میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوچەرخ. هەروەها ئاشناکردن و تواناداركردنی مامۆستایان بە حەوت تەوەرەکەی دیکەی ستراتیژی راهێنان.



## چوارەم: ڕێنوێنی گشـتیی بۆ مامۆستای ڕاهێنەر :

• گرنگترین شـت بۆ مامۆسـتای ڕاهێنەر ئەوەیە کە نەشـڵەژێ و شپرزە نەبێـت. دەبێ کات بـۆ بەهێزکردنـی پەیوەندییەکان لەگەڵ مامۆسـتاکان بڕەخسـێنێت. لـە کاتی وانەگوتنەوەی میتۆدەکانیشـدا دەبێ لەسـەرخۆ و هێمن بێت.

• هـەر کات مامۆسـتای ڕاهێنـەر لـە کاتـی کارکردندا پێویسـتی بە هەر هاوکارییـەک بـوو یـان تووشـی گرفتێـک بـوو، دەتوانێـت ڕاوێـژ لەگـەڵ بەڕێوبەرایەتیـی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی بکات.

• زۆر گرنگە مامۆستای ڕاهێنەر ئامادەی ئەو دۆخە ببێت کە لەوانەیە هەندێک مامۆستا تێڕوانینی نەرێنی خۆیان دەربارەی پڕۆژەکە بخەنە ڕوو و ئەم پرۆژەیە بخەنە چوارچێوەی ئەو سکاڵا و گلەیی و گازندانەی دەربارەی سیستمی پەروەردە هەیانە. مامۆستای ڕاهێنەر بەرپرس نییە لە هیچ دۆخێکی دیکە جگە لە دۆخی دیداکتیک و تەوەرەکانی دیکەی ئەم ستراتیژەی ڕاهێنان.

• مامۆستای ڕاهێنەر لە میانەی خولەکەدا کاری لەسەر چاندنی ڕۆحی ئەرێنی کردووە و فێر بووە کە تەنها تەماشای گرفت و سکاڵاکان نەکات، بەڵکو تەماشای دەرفەتەکان بکات و لەوێوە کار بۆ چارەسەرکردنیان بکات. زۆر گرنگە مامۆستای ڕاهێنەر ئەم ڕۆحە ئەرێنییە لە ناو مامۆستاکان بڵاو بکاتەوە. هەروەها گرنگە مامۆستای ڕاهێنەر بە زمانێکی ئەرێنی گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکان بکات و وەکو بەشێکی پرۆسەکە تەماشایان بکات.

• پێویستە مامۆستای ڕاهێنەر ناوی هەموو ئەو سەرچاوانە بخاتە بەردەستی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن کە باسی میتۆدەکانی وانەگوتنەوە دەکەن و دەبنە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی پاشخانی پەروەردەیی ئەوان.

• زۆر ئاساییە ئەگەر مامۆستای ڕاهێنەر نەیتوانی هەندێک لە میتۆدەکان بە یەک وانە بڵێتەوە. لەو دۆخەدا وانەیەکی دیکەیش بۆ ئەو میتۆدە تەرخان دەکات.

• دوای ئەوەی مامۆستای ڕاهێنەر میتۆدێکی ڕوون کردەوە و مامۆستاکان کاریان پێکرد، دەبێ مامۆستای ڕاهێنەر لە وانەی دواى

ئەوودا بوارێک بۆ فیدباکی مامۆستاکان بڕەخسێنێت. بە دارشتنەوەیەکی دیکە دەبێ گوێبیستی ئەو سەرنج و گرفتانە ببێت کە مامۆستاکان لە کاتی پیادەکردنی میتۆدەکان لە پۆلەکاندا تووشیان دەبێت.

- هەموو مامۆستاکان دەبێت لە سەرجەم وانەکانی مامۆستای ڕاهێنەر ئامادە بن، تەنانەت ئەگەر ئەو میتۆدە بۆ وانەکەی ئەویش نەبێت، بۆ نموونە میتۆدی سینگاپووری و چینی تەنها بۆ وانەی بیرکاری دەبێت، بەڵام گرنگە هەموو مامۆستاکانی دیکەیش ئامادە بن و گوێبیستی بن.
- مامۆستای ڕاهێنەر لە جاری یەکەمدا پرۆژەی ڕاهێنانی دیداکتیک بە قوتابخانە و مامۆستایان دەناسێنێت، پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردە لەو بارەیەوە ڕوون دەکاتەوە و وەڵامی مامۆستاکان دەداتەوە. هەروەها باس لە فۆرمەکانی هەڵسەنگاندنی کارامەییە دیداکتیکییەکانی مامۆستا و فۆرمی فیدباکی قوتابی/ خوێندکار دەکات، کە هاوپێچی ئەم ڕێبەرەیە.
- دواتر باسی شێوازی کارکردنی خۆی دەکات، ڕوونکردنەوە لە بارەی میتۆدەکان دەدات، وەك؛ چۆنێتی کارکردن بە میتۆدەکان، ...هتد.
- مامۆستای ڕاهێنەر بەم ڕیزبەندییە دەست بە میتۆدەکانی وانەگوتنەوە دەکات. ڕاهێنەر دەتوانێت کەمێک میتۆدەکان پاش و پێش بخات، بەڵام وا باشترە هەموو مامۆستایانی ڕاهێنەر بە هەمان ڕیزبەندی کار بکەن (بڕوانە خشتەی ژمارە (1) مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە).

## خشـتەی ژمارە (1) مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە

| | |
|---|---|
| 01 | پرسیاری کراوە و ئارگیومێنت |
| 02 | میتۆدی سوکراتی |
| 03 | میتۆدی یاریکردن |
| 04 | میتۆدی نەخشەی بیرکردنەوە |
| 05 | میتۆدی نەخشەی زاراوەکان |
| 06 | میتۆدی دەروازە (KWL) |
| 07 | مۆدێلی سینگاپووری و چینی |
| 08 | میتـۆدی وانەگوتنەوەی قوتابیان و خوێندکاران |
| 09 | میتۆدی هاوکاریی هاوتەمەنەکان |
| 10 | مۆدێلی بازنەیی |
| 11 | میتۆدی ئەسکەلە |




**تێبینی:**

- هەمـوو میتۆدێـک پێویسـتی بـە 1-2 وانـە هەیـە بـۆ گوتنـەوە. لـە دۆخێـکـدا ئەگـەر بەیـەک وانـە تەواو بـوو، مامۆسـتای ڕاهێنـەر دەتوانێت وانەی دووەم بۆ فیدباکی مامۆسـتایان تەرخان بکات. لەوانەیە لە هەندێ لـە قوتابخانە و خوێندنگە گەورەکاندا هەندێک میتۆد پێویسـتی بە وانەی سێیەمیش هەبێت.
- زۆر گرنگـە مامۆسـتای ڕاهێنـەر جەخـت لەسـەر ئـەوە بکاتـەوە کـە قوتابییان و خوێندکارانیـش فێری ناوی میتۆدەکانی وانەگوتنەوە بکرێن.

## پێنجەم: دابەشکردنی مامۆستای راهێنەر:

1 - لـە قۆناغـی یەکەم تەنیا لە قوتابخانـە و خوێندنگاکان دەبێت (جارێ باخچەی منداڵان و ئامادەیی پیشـەییەکان و پەیمانگەکان ناگرێتەوە).

2 - پـاش دانانـی ئەڵتەرناتیـڤ لەلایـەن پـەروەردەی قـەزاکان، ئەوکات میلاکیان دەچێتە سـەر بەڕێوەبەرایەتی مەشـق و ڕاهێنانـی پارێزگا و ئیدارە سـەربەخۆکانیان، بـەڵام ناونیشـانی مامۆسـتایان هـەر دەمێنێتـەوە و پێیاندەگوترێـت (مامۆسـتای ڕاهێنەر). لـە هەر کاتێکیش پێویسـت بکات کە ئیمتیازیان نەبڕدرێت دەکرێت تەنسـیب بکرێن.

3 - بەهەماهەنگـی لەنێوان بەڕێوەبـەری پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەری مەشـق و ڕاهێنـان لـە پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان ، قوتابخانـە و خوێندنگەکانیان بۆ دیاری دەکرێت. بەڵام دەبێت بە شێوازێکی دادپەروەرانە بێـت کـە تیایـدا ڕەچـاوی ژمـارەی مامۆسـتایان بـۆ هـەر مامۆسـتایەکی ڕاهێنـەر بکرێت. وەزارەتـی پەروەردە پـاش دڵنیابوونەوە لەهـەر زانیارییەک کـە نادادپـەروەری کرابێـت، بڕیـارە نادادپـەروەرەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە و بەیۆەبەرایەتی مەشق و ڕاهێنان لە نووسینگەی وەزیر بڕیاری دادپەروەرانە دەردەکات. بـۆ نموونـە؛ ناکرێـت لـە سـنووری پـەروەردەی قەزایـەک کـە سـەنتەری قەزا و سـەنتەری ناحیە و گوندی تێدابێت چەند مامۆسـتایەک دیـار بکرێـن بۆ قوتابخانەکانی سـەنتەری قەزا و ئەوانـی دیکەش بۆ گوند و شـوێنە دوورەکان، مەگـەر تەنهـا لەگـەڵ شـوێنی دانیشـتنیان گونجـاو بێـت، ئەگـەر نـا دەبێـت دابەشـکارییەکە زۆر ورد و دادپەروەرانـە بێـت و

هاوسـەنگی هەردوو بنەمای (شـوێنی جوگرافی) و (ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانەکان ) رەچاو بکرێن.

4 - ئەو قوتابخانە و خوێندنگەیانەی بۆیان دیاری دەکرێت، تیایاندا جێگیر دەبن و سـاڵانە ناگۆڕدرێن، ئەگـەر حاڵەتێکی تایبەت هەبـوو، بەڕێوەبەری مەشـق و ڕاهێنـانی پارێـزگاکان و ئیـدارە سـەربەخۆکان بەهەماهەنگـی لەگـەڵ بەڕێوەبەری پـەروەردەی قەزا ئەو گۆڕانکاریـە ئەنجام دەدەن. بەڵام پێویسـتە وەزارەتی لێ ئاگاداربکەنەوە و هۆکارەکانیش بخرێنەڕوو.

5 - بـۆ سـاڵی خوێندنی 2023-2024، پێویسـتە تـا 15 ی 8 ی 2023 فەرمانی دابەشـکردنیان بەسـەر ناوەندەکانی خوێندن بـۆ دەرچوێندرابێت. پـاش رۆژی پەیوەندیکردنـەوەی (مبـاشرە) مامۆسـتایان کـە 1ی 9یـە، لە 3ی 9 ی هەمـوو سـاڵێک (ئەگـەر ئـەو ڕۆژە بەر پشـوو نەکەوێـت) تا یەک رۆژ پێـش دەسـتپێکردنەوەی دەوامـی قوتابیـان و خوێندکاران، پێویسـتە مامۆستای ڕاهێنەر سەردانی قوتابخانە و خوێندنگە بکات و لەو ماوەیەدا سـوود لە کاتەکان وەربگرێت و لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانەی بۆی دیاریکـراون هەماهەنگـی بـکات و تـا هاتنـەوەی قوتابیـان و خوێنـدکاران بـۆ یەکـەم رۆژی خوێنـدن، لـە هـەر قوتابخانـە و خوێندنگەیـەک کە بۆی دیاریکـراوە لانی کەم 3 سـێ سـەعات راهێنان پێشکەشـی مامۆسـتایان بـکات، دەکرێت ئـەوەش بە ڕۆژێک بێـت لە چوارچێـوەی دوو وانەی یەک کاتژمێـر و نیـوی یان دەکرێت بە دوو رۆژ بێت. هەروەها پێویسـتە گشـت مامۆسـتایان ئامادەبـن، چونکـە پەیوەندیکردنەوە (مباشرة)یـان بۆ کراوە، بەشدارنەبوو بە نەهاتوو ئەژمار دەکرێت.



## شەشەم: ئەرکەکانی مامۆستای ڕاهێنەر:

1 - ئەرکی مامۆستای ڕاهێنەرە بە گوێرەی ئەو پلانەی وەزارەت دایناوە بۆ ڕاهێنان، ڕاهێنان وەربگرێت.

2 - ئەرکی مامۆستای ڕاهێنەرە کە بەگوێرەی ئەو دابەشکارییەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەرەی مەشق و ڕاهێنان دەیکەن کارەکانی ئەنجام بدات.

3 - لە کاتی دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابیان و خوێندکاران سەرجەم مامۆستاکانی ڕاهێنەر لە هەفتەیەکدا سەردانی ئەو ناوەندانەی خوێندن دەکەن کە بۆیان دیاریکراوە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەنێوان پەروەردەی

قـەزاو بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانـی پەردوەردەیی. بەڵام خاڵی (5) لە بڕگەی پێنجـەم ئیلزامییە و نابێت لە یاد بکرێت.

4 - ئەگـەر قوتابخانـە یـان خوێندنگـە دوو دەوامـی بـوو، ئـەوە بە دوو قوتابخانە/خوێندنگە بۆی ئەژمار دەکرێت.

5 - مامۆسـتای ڕاهێنەر لە هەر ناوەندێکی خوێندندا لەگەڵ دەستپێکی دەوامی قوتابیان و خوێندکاران، هەفتەی 1 یەک وانەی ڕاهێنان دەڵێتەوە، کە لە لایەن وەزارەتەوە وەریگرتووە، کات و شوێنی وانەکان بە خشتەیەك دیاریدەکرێت کە مامۆسـتای ڕاهێنەر لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە بـۆی دیاریکراوە دیاریدەکـەن و وێنەیەکی دەدەنـە بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانـی پەروەردەیی پارێـزگاکان و دواتر دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی/ نووسـینگەی وەزیر.

## 6 - سەردانیکردنی پۆلەکان:

أ - لەکاتی سەردانیکردن، مامۆستای ڕاهێنەر مافی ئەوەی هەیە لە هەر ناوەندێکی خوێندن، هەفتەی جارێك لە پۆلەکاندا دابنیشـێت و سـەرنجی وانەی مامۆسـتا بدات. مەبەسـت لەم کارە ئەوەیە ئایا مامۆسـتاکان ئەو میتۆدانـە لـە وانەکانـی خۆیانـدا بـەکار دێنن یـان نا. ئـەم سـەردانە دەبێتە یەکێك لە بنەماکان بۆ هەڵسـەنگاندنی مامۆستاکان.

ب - دوای هەفتـەی شەشـەم مامۆسـتای ڕاهێنـەر هەڵسـەنگاندنێك ئەنجـام دەدات بـۆ مامۆسـتایان کـە (35) نمـرەی لەسـەرە و لـەدوای



هەفتـەی دەیـەم تـا هەفتـەی کۆتایـی (کە لـە کۆتایـی مانگـی 4 کۆتایی دێـت)، ڕاهێنـەر هەڵسـەنگاندنی دووەم دەکات، ئەویش (35) نمـرەی دیکەی لەسـەرە. واتا بـە دوو جار هەڵسـەنگاندنی مامۆسـتای ڕاهێنەر بۆ مامۆسـتای ناوەندەکانی خوێندن ئەنجام دەدرێت کە بە گشتی 70 حەفتا نمرەی لەسەر دەبێت.

ج - لەکاتـی سـەردانەکاندا مامۆسـتای ڕاهێنـەر دەتوانیـت لـە هەموو پۆلێـك فۆڕمـی فیدباکـی قوتابی/خوێنـكار پـڕ بكاتـەوە. مەبەسـت لـەم فۆڕمەش، مامۆسـتای ڕاهینەر لە ڕێگەی وەڵامی قوتابی/ خوێندکارانەوە لـەوە دڵنیـا ببێتـەوە کـە مامۆسـتاکان میتۆدە نوییـەکان بـەکار دێنن؟ بە

شێوەیەك مامۆستای ڕاهێنەر خۆی بڕیاری ئەوە دەدات فۆڕم بە چەند قوتابی/ خوێندکار پڕ بکاتەوە، هەروەها (30) نمرەش لەسەر فیدباکی قوتابی/خوێندکار دەبێت.

د - مامۆستای ڕاهێنەر پێشتر ئەو مامۆستایانە لە کاتی سەردانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، واتە مامۆستای ڕاهێنەر بەشێوەیەکی کتوپڕ سەردانی پۆلەکان ناکات.

**حەوتەم: هەڵسەنگاندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا:**

- هەموو ساڵێک لە کۆتایی مانگی نیسان یان سەرەتای مانگی ئایار ، مامۆستای ڕاهێنەر ئەنجامی کۆتایی هەڵسەنگاندن بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەر و هەموو مامۆستاکان تەواو دەکات کە ڕاهێنانی پێکردوون، پاشان ئەو هەڵسەنگاندنە وێنەیەکی دەدرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ مامۆستایان لە پرۆژەی (بونیاتنانی تواناکان) سوودی لێوەربگیرێت و، وێنەیەکیشی دەدرێتە بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، هەروەها بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت ئەنجامی کۆتایی هەڵسەنگاندن ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان بکات. جگە لەمەش؛ هەڵسەنگاندنی مامۆستای ڕاهێنەر بۆ هەموو مامۆستایەک پێویستە لەلایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە، لە سیستمی (e-parwarda) تۆمار بکرێت.

• ئـەم هەڵسـەنگاندنە لـە ڕێگەی فۆرمێکـەوە دەبێت. ڕاهێنەر ئاسـتی هـەر مامۆسـتایەک وەکـو لـە فۆرمی ژمـارە (1) یەکـەدا هاتـووە (فۆرمی هەڵسـەنگاندنی کارامەییـە دیداکتیکیەکانـی مامۆسـتا)، دیـاری دەکات. پێوەرەکانی ئەو فۆرمە دەبنە بنەمای هەر دوو هەڵسـەنگاندنی مامۆسـتا کە دوو جار دەبێت ئەنجامبدرێت لە ساڵی خوێندندا، کە بە هەردوو جارەکە 70 نمرەی لەسەر دەبێت.

• ئاسـتەکانی هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی نمرە و هێماوە دەبێت.

• ڕاهێنەر بە شـێوەیەکی ئەلیکترۆنی ئەو هەڵسەنگاندنە لە پلاتفۆرمی (e-parwarda) تۆمـار دەکات، هەروەهـا هەموو مامۆسـتایەکی ڕاهێنەر کـۆدی تایبەتـی بـۆ دروسـت دەکرێـت لـە سیسـتمی (e-parwarda)، وێنەیەکیـش دەدات بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـە، هەروەهـا بەنـووسراو وێنەی هەموو هەڵسـەنگاندنی مامۆسـتایانی ئەو قوتابخانەی لە لایەتی دەیدات بـە بەڕێوەبەری ڕاهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکەی.

• هەرسـێ هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن (بەڕێوەبەری قوتابخانە و (مامۆسـتای ڕاهێنـەر) و (هەگبـەی مامۆسـتایان) کـە دواتر گشـتاندنی پێدەکرێـت، دەبێتە بنەما و لەسـەر ئاسـتی وەزارەت کاریـان پێدەکرێت لە زۆربـەی بابەتەکانـی وەك: ڕێـز و سـوپاس، قەڵغـانی ڕێزلێنـان، ڕێزلێنانی مامۆسـتای نمونەیی سـاڵ، پێشکەشـکردن بۆ بوارەکانـی کارگێڕی وەك بەڕێوەبـەر و یاریـدەدەر، پلەی سەرپەرشـتیاری لە ئاینـدە و چەندین بابەتی دیکە.

ب- نمرەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستای ڕاهێنەر بۆ مامۆستایان بەم



جـۆرە دەبێـت ، کە راهێنەر تەنها هێما دەداتەوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگـە نەک نمرە ، نمرە تەنها لەلای خۆیی دەمێنێتەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 - | (100 - 95) | A+ | نایابی باڵا |
| 2 - | (94 - 90) | A | نایاب |
| 3 - | (89 - 80) | B | زۆر باشە |
| 4 - | (79 - 70) | C | باشە |
| 5 - | (69 - 60) | D | مامناوەند |
| 6 - | (59 - 50) | E | پەسەند |

7 - ئەگـەر هیـچ یەکێـک لـەو پێوەرانـەی بـۆ ئاسـتی E دیاریکراون جێبەجێـی نەکرا ئەوا هێمای F ی بۆ دادەندرێت.

لەهەر بوارێك کاتێك هەڵسەنگاندن دەکرێت، بەنموونە (دیداکتیك شێوازی وانەگوتنەوە/ فێرکاری تەکنەلۆژی/ بەڕێوەبردنی پۆل،... هتد) ئەو مامۆستایانەی نمرەی (95 تا 100) +A بەدەست دەهێنن دەبنە مامۆستای نمونەیی ساڵ لەو بوارەدا، قەڵغانی ڕێزلێنانی فەرمی وەزارەتیان پێدەبەخشرێت لەگەڵ ڕێز و سوپاسی وەزیر، ئەو مامۆستایانەشی نمرەی (90 تا 94) A بەدەستدەهێنن ڕێز و سوپاسی وەزیریان پێدەدرێت.

- مامۆستای ڕاهێنەر لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەماهەنگی دەکات و پلانی ئەوە دادەنێن کە لە خشتەی وانەکانی هەفتە (یەك بەشە وانە نەخوێندرێت و لە بری ئەوە دەبێت تەواوی مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە ئامادەی ئەو وانەیەی ڕاهێنان بن، بە پێچەوانەوە لەلایەن مامۆستای ڕاهێنەر بە ئامادە نەبوو ئەژمار دەکرێت و لە نمرەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی نمرە لە مامۆستای ئامادە نەبوو دەشکێندرێت و مامۆستای ڕاهێنەر لیستی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی دەبێت. خۆ ئەگەر لە سێ جار زیاتر مامۆستای قوتابخانە یان خوێندنگە ئامادەی وانەکانی ڕاهێنان نەبوو (بە پچڕ پچڕ یان بەسەر یەکەوە)، ئەوا بۆ ئەو ساڵەی خوێندن هێمای (X)ی بۆ دادەندرێت و پێویستە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ نووسراوی فەرمی ئاگادارکردنەوەی ئاراستە بکات، ئەگەر بۆ جاری دووەمیش دووبارە بووەوە، ئەوا ناونیشانی لە مامۆستایەتیەوە دەگۆڕدرێت بۆ فەرمانبەری و نابێت لە ناو ناوەندەکانی خوێندن بمێنێت، بەڵکو گواستنەوەی بۆ دەکرێت بۆ دیوانی پەروەردەی



گشـتی یان قەزا. ئەگەر هەر مامۆستایەکیش بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر یـەک هێمای E وەربگرێت، بۆ سـاڵی پاشـتر هیچ وانەیەکـی پێنادرێت و دەخرێتە خولی دووبارە شیاندنەوە کە نابێت لە 40 چل کاتژمێر کەمتر بێت و پاشـان تاقیکردنەوە یان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، ئەوکات دەتوانێت پـاش دەرچوونـی لە تاقیکردنەوەکە بگەڕێتەوە بۆ وانـە گوتنەوە. خۆ ئەگەر مامۆستا هێمای F ی وەرگرت بۆ ساڵی ئایندە وانەی پێنادرێت و دەخرێتە خولی شـیاندنەوە و پێویستە لە تاقیکردنەوە دەربچێت.

• ئەگەر مامۆستای ڕاهێنەر گرفتی تەکنیکی هەبوو لە داخڵکردنی نیشانەکان بەنموونە (A یان B ) لە سستەمی (e-parwarda)، دەبێت بە شێوەیەکی کاتی تا گرفتەکەی چارەسەر دەبێت، بۆ هەموو مامۆستایەك لەلایەن بەکارهێنەری سستەمەوە داخڵ بە سستەمی (e-parwarda) بکرێت، لەبەر ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە کە نمرە و نیشانەکانی هەڵسەنگاندنی پێدەگات، بەزووترین کات بە بەکارهێنەری سستەمی قوتابخانەکەی بڵێت کە لە سستەمی (e-parwarda) داخڵ بکرێت کە لە سێ تا پێنج ڕۆژ تێپەڕ نەکات، مامۆستای ڕاهێنەر دەبێت دڵنیا بێت لە نیشانە یان نمرەی هەڵسەنگاندن لە سستەمی (e-parwarda) و پێویستە بەکارهێنەری سستەم دڵنیای بکاتەوە کە هاوتایە لەگەڵ ئەو نمرە و نیشانانەی کە وێنەیەکی دراوە بە هەریەکە لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنانی پارێزگاکان.

د - ڕاهێنانی مامۆستایان بەردەوامی دەبێت بۆ هەموو ساڵێك و لە زۆر بواردا.

• هەمان ئەو پرۆسانەی بۆ مامۆستای میلاک ئەنجامدەدرێن بەسەر مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراویش جێبەجێدەکرێن.

## فۆرمی ژمارە 1 هەڵسەنگاندنی کارامەییە دیداکتیکییەکانی مامۆستا

| مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە | ئاستەکان و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن F | E | D | C | B | A |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| زمانی قسەکردن | مامۆستا هیچ یەکێک لەو خاڵانە جێبەجێ ناکات کە لە ئاستی (E) دا هاتووە | مامۆستا بە شێوەیەک قسە دەکات کە بە دەگمەن لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانە | مامۆستا بە شێوەیەک قسە دەکات هەندێک جار لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانە | مامۆستا بە شێوەیەکی ئاستناوەند قسە دەکات کە لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانە | مامۆستا بە شێوەیەک قسە دەکات زۆربەی جار لە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارانە | مامۆستا بە شێوەیەک قسە دەکات کە هەموو خوێندکاران لێی تێدەگەن |
| ئەرگوومێنت (کۆبەڵگە) | | مامۆستا بە دەگمەن داوای ئەرگوومێنت لە خوێندکار دەکات بۆ ئەوەی بۆچوونەکەی بسەلمێنێت | مامۆستا هەندێک جار داوای ئەرگوومێنت دەکات | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی داوای ئەرگوومێنت دەکات | مامۆستا زۆربەی جار داوای ئەرگوومێنت دەکات | مامۆستا هەمیشە داوای ئەرگوومێنت دەکات |
| پرسیاری کراوە | | مامۆستا بە دەگمەن پرسیاری کراوە دەکات | مامۆستا هەندێک جار پرسیاری کراوە دەکات | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەند پرسیاری کراوە دەکات | مامۆستا زۆربەی جار پرسیاری کراوە دەکات | مامۆستا هەمیشە پرسیاری کراوە دەکات |
| دیالۆگی سوکراتی | | مامۆستا بە دەگمەن دیالۆگی سوکراتی ئەنجام دەدات | مامۆستا هەندێک جار دیالۆگی سوکراتی ئەنجام دەدات | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی دیالۆگی سوکراتی ئەنجام دەدات | مامۆستا زۆربەی جار دیالۆگی سوکراتی ئەنجام دەدات | لەو وانانەی شوێنی گفتوگۆی سوکراتی تێدا دەبێتەوە، مامۆستا هەمیشە گفتوگۆی سوکراتی ئەنجام دەدات |
| نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان | | مامۆستا بە دەگمەن نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان بەکاردەهێنێت | مامۆستا هەندێک جار نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان | مامۆستا زۆربەی جار نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان | مامۆستا هەمیشە نەخشەی بیرکردنەوە و نەخشەی زاراوەکان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **گرووپسازی (کاری گرووپ)** | | مامۆستا لەو وانانەی جێگەی گرووپسازی تێدا دەبێتەوە، بە دەگمەن گرووپسازی دەکات | مامۆستا لەو وانانەی جێگەی گرووپسازی تێدا دەبێتەوە، هەندێک جار گرووپسازی دەکات | مامۆستا لەو وانانەی جێگەی گرووپسازی تێدا دەبێتەوە، بە شێوەیەکی مامناوەندیی گرووپسازی دەکات | مامۆستا لەو وانانەی جێگەی گرووپسازی تێدا دەبێتەوە، زۆربەی جار گرووپسازی دەکات | مامۆستا لەو وانانەی جێگەی گرووپسازی تێدا دەبێتەوە، هەمیشە گرووپسازی دەکات |
| **تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاریی ناوپۆل** | | مامۆستا بە دەگمەن تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاری لە ناو پۆل بەکار دەهێنێت | مامۆستا هەندێک جار تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاری لە ناو پۆل بەکار دەهێنێت | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاری لە ناو پۆل بەکار دەهێنێت | مامۆستا زۆربەی جار تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاری لە ناو پۆل بەکار دەهێنێت | مامۆستا هەمیشە تاقیکردنەوەی کردەیی و کەرەستەی فێرکاری لە ناو پۆل بەکار دەهێنێت |
| **مۆدێلی بازنەیی** | | مامۆستا بە دەگمەن کار بە مۆدێلی بازنەیی دەکات. | مامۆستا هەندێک جار کار بە مۆدێلی بازنەیی دەکات. | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی کار بە مۆدێلی بازنەیی دەکات. | مامۆستا زۆربەی جار کار بە مۆدێلی بازنەیی دەکات. | لەو وانانەی شوێنی مۆدێلی بازنەیی تێدا دەبێتەوە، مامۆستا هەمیشە کار بە مۆدێلی بازنەیی دەکات. |
| **میتۆدی یاریکردن** | | مامۆستا بە دەگمەن لە ڕێگەی یاریکردنەوە وانەکەی پێشکەش دەکات | مامۆستا هەندێک جار لە ڕێگەی یاریکردنەوە وانەکەی پێشکەش دەکات | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی لە ڕێگەی یاریکردنەوە وانەکەی پێشکەش دەکات | مامۆستا زۆربەی جار لە ڕێگەی یاریکردنەوە وانەکەی پێشکەش دەکات | لەو شوێنانەی کە گونجاوە، مامۆستا هەمیشە لە ڕێگەی یاریکردنەوە وانەکەی پێشکەش دەکات |
| **وانەگوتنەوەی خوێندکاران** | | مامۆستا بە دەگمەن دەرفەت بە خوێندکاران دەدات وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە | مامۆستا هەندێک جار دەرفەت بە خوێندکاران دەدات وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی دەرفەت بە خوێندکاران دەدات وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە | مامۆستا زۆربەی جار دەرفەت بە خوێندکاران دەدات وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە | لەو شوێنانەی کە گونجاوە، مامۆستا هەمیشە دەرفەت بە خوێندکاران دەدات وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە |
| **هاوکاریی هاوتەمەنەکان** | | مامۆستا بە دەگمەن دەرفەت بە خوێندکاران دەدات هاوکاریی یەکتر بکەن | مامۆستا هەندێک جار دەرفەت بە خوێندکاران دەدات هاوکاریی یەکتر بکەن | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی دەرفەت بە خوێندکاران دەدات هاوکاریی یەکتر بکەن | مامۆستا زۆربەی جار دەرفەت بە خوێندکاران دەدات هاوکاریی یەکتر بکەن | مامۆستا هەمیشە دەرفەت بە خوێندکاران دەدات هاوکاریی یەکتر بکەن |

# فۆرمی ژمارە 1 هەڵسەنگاندنی کارامەییە دیداکتیکییەکانی مامۆستا

| مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە | ئاستەکان و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | F | E | D | C | B | A |
| میتۆدی ئەسکەلە | | مامۆستا بە دەگمەن هاوکاریی زیاتری خوێندکارە ئاستنزمەکان دەکات | مامۆستا هەندێک جار هاوکاریی زیاتری خوێندکارە ئاستنزمەکان دەکات | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی هاوکاریی زیاتری خوێندکارە ئاستنزمەکان دەکات | مامۆستا زۆربەی جار هاوکاریی زیاتری خوێندکارە ئاستنزمەکان دەکات | مامۆستا هەمیشە هاوکاریی زیاتری خوێندکارە ئاستنزمەکان دەکات |
| ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن | | مامۆستا بە دەگمەن ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت | مامۆستا هەندێک جار ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت | مامۆستا زۆربەی جار ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت | مامۆستا هەمیشە ڕاهێنانەکانی هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت |
| شێوازی جیاواز لە بیرکاری | | مامۆستا بە دەگمەن میتۆدی جیاواز لە بیرکاری بەکاردەهێنێت | مامۆستا هەندێک جار میتۆدی جیاواز لە بیرکاری بەکاردەهێنێت | مامۆستا بە شێوەیەکی مامناوەندیی میتۆدی جیاواز لە بیرکاری بەکاردەهێنێت | مامۆستا زۆربەی جار میتۆدی جیاواز لە بیرکاری بەکاردەهێنێت | مامۆستا هەمیشە میتۆدی جیاواز لە بیرکاری بەکاردەهێنێت |

تێبینی: مامۆستای ڕاهێنەر تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئەو میتۆدانە دەکات کە خۆی بە مامۆستاکانی گوتووەتەوە. بۆیە هەر میتۆدێک مامۆستاکان ڕاهێنانیان لەسەر نەکردبێت، نابێت لەم فۆرمەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.





**تێبینی:**

مامۆستای ڕاهێنەر تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئەو میتۆدانە دەکات کە خۆی بە مامۆستاکانی گوتووەتەوە. بۆیە هەر میتۆدێک مامۆستاکان ڕاهێنانیان لەسەر نەکردبێت، نابێت لەم فۆرمەدا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

**هەشتەم: فیدباکی قوتابیان/ خوێندکاران:**

• لـە فۆڕمی فیدباکی قوتابیان/خوێندکاراندا ئـەو ژمارەیە لە قوتابیان/ خوێندکاران، فیدباکی خۆیان لە بارەی یەک مامۆسـتا یان زیاتر دەنووسن.

• مامۆسـتای ڕاهێنـەر بـە ڕێکەوتـن لەگـەڵ بەڕێوبـەری قوتابخانـە و خوێندنگەکانـدا ڕۆژێـک بۆ فیدباکـی قوتابیان/ خوێنـدکاران دیاری دەکەن. لـەو ڕۆژەدا لـە هـەر پۆلێـک (2 - 4) قوتابیـان/ خوێنـدکاران بانـگ دەکرێن بـۆ هۆڵێکـی گـەورە یـان ژووری بەڕێوەبـەر، لەوێـدا ڕاهێنەر فۆرم بەسـەر قوتابیـان/ خوێندکاران دابەش دەکات بۆ ئەوەی پڕی بکەنەوە.

• مامۆسـتای ڕاهێنـەر خـۆی بڕیـار دەدات هـەر قوتابـی/ خوێندکارێک فیدباک بە چەند مامۆستا بدات، چونکە هەر پۆلێک زیاتر لە مامۆستایەکی هەیە.

• مامۆسـتای ڕاهێنـەر لـە بازنەکانـی (1) و (2) فۆڕمـی هەڵسـەنگاندن نادات‌ـە دەسـت قوتابـی/ خوێنـدکار، دەبێـت خـۆی ناوەڕۆکـی فۆڕمەکانی ژمارە (1 و 2) وەك پرسـیار ئاراسـتەی قوتابیان/ خوێندکاران بکات و بۆیان پڕ بکاتـەوە، قوتابیـان/ خوێنـدکاران ئاگاداربکرێنـەوە کـە ناویـان لەسـەر فۆڕمەکـە نانووسرێت و زانیاریەکانیان پارێزراو دەبن.

فۆرمی فیدباکی قوتابی- ژمارە 1

بازنەی یەکەم و دووەم ( پۆلی 1 تا 6 ی بنەڕەتی )

مامۆستای ڕاهێنەر دەبێت پرسیارەکان زۆر سادەتر بکاتەوە بۆ بازنەی یەکەم (پۆلی 1 تا 3)

| | ناوی مامۆستاکان | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | پرسیارەکان | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| 1 | لە کاتی وانەکاندا لە قسەکانی مامۆستا تێدەگەیت؟ (زمانی وانەگوتنەوە) | | | | | | | | | | |
| 2 | کاتێک وەڵامی مامۆستا دەدەیتەوە، قەد پێت دەڵێت ئایا تۆ دڵنیاییت؟ چۆن ئەمە دەزانیت؟ دڵنیایت لە لەم کارە، دەتوانیت زیاتر بۆم ڕوون بکەیتەوە؟ نیشانەکانی ئەمە چییە ...هتد؟(ئەرگوومێنت، کۆبەڵگە) | | | | | | | | | | |
| 3 | ئایا مامۆستا قەت پرسیارت لێدەکات و پێت دەڵێ بۆ؟ چۆن؟ هۆکاری ئەمە چییە؟ بۆ ئەمە وای لێهات؟ دەتوانی باسی ئەمەم بۆ بکەیت؟ دەتوانی ئەمەم بۆ ڕوون بکەیتەوە ...هتد (پرسیاری کراوە) | | | | | | | | | | |
| 4 | ئایا هەموو پۆلەکە بەیەکەوە باسی بابەتێک دەکەن؟ بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن؟ هەر کەسێک ڕای خۆی دەڵێت؟ ئایا قوتابییەک دەڵێ من ڕام وایە؟ من ئەمەم پێباشە یان پێم خراپە؟ ئایا هەمووتان لەو وانەیە بەشداری دەکەن (میتۆدی سوکراتی) | | | | | | | | | | |
| 5 | کاتێک بابەتێکی نوێ دەخوێنن، ئایا مامۆستا بازنەیەک لەسەر وایتبۆردەکە دەکێشێت و ناوی بابەتەکەی بە گەورەیی تێدا بنووسێت؟ ئایا بە دەوری ئەو بازنەیەدا شتی دیکە دەنووسێت؟ ئایاپرسیارتان لێ دەکات بەڕای ئێوە ئەم بابەتە باسی چی دەکات؟ ئایا مامۆستا خشتە و نەخشەتان لەسەر وایتبۆرد بۆ دەکێشێ؟ (میتۆدی نەخشەی زاراوەکان و نەخشەی بیرکردنەوە یان هزری) | | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ئایا مامۆستا پۆلەکە دەکات بە چەند بەشیکەوە بۆ ئەوەی باسی وانەکەتان بکەن؟ ئێوە بە کۆمەڵ یان گرووپ قەت کارتان کردووە، بۆ نموونە هەر 2 - 4 کەس بەیەکەوە گفتوگۆ بکەن، باسی وانەکەتان بکەن، وێنە بکێشن...هتد؟ (کاری گرووپ) | | | | | | | | | | |
| 7 | ئایا هەموو پۆلەکە زانیاریی لەسەر بابەتێک کۆ دەکەنەوە کە مامۆستا داوای بکات؟ دواتر بەیەکەوە یەک دەق (بابەت) دەنووسن؟ بۆ نموونە هەر قوتابییەک ڕستەیەک بە مامۆستا بڵێت بۆ ئەوەی بابەتەکە بەیەکەوە بنووسن بنووسن؟ (مۆدێلی بازنەیی) | | | | | | | | | | |
| 8 | ئایا مامۆستا ڕێگەتان پێدەدا وەک مامۆستا وانە پیشکەش بکەن؟ (میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 9 | ئایا لە کاتی وانەگوتنەوەدا مامۆستا یاریتان پێدەکات؟ کاتێک مامۆستا باسی وانەکەی دەکات، ئایا ئێوەش کارت، وێنە یان هەر شتێکی دیکە بەکار دێنن بۆ وەڵامدانەوە یان یاریکردن لە ناو پۆلدا؟ بۆ نموونە یەک یەک یان 2-4 بەیەکەوە کۆ دەبنەوە و یاری لە ناو پۆلدا بکەن و و وەڵامی مامۆستا بدەنەوە یان باسی بابەتی ناو کتێبەکان بکەن لەگەڵ مامۆستا؟(میتۆدی یاریکردن) | | | | | | | | | | |
| 10 | لە کاتی خوێندنی بابەتێکی نوێدا، ئایا مامۆستا پرسیاری ئەوەتان لێ دەکات چی شتێک دەربارەی ئەم بابەتە دەزانن و چی شتێک نازانن؟ یان حەز دەکەن چی شتێک دەربارەی ئەم بابەتە بزانن؟ چ شتێک لەمەوە فێر دەبن؟ (میتۆدی دەروازە) | | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | ئایا ئێوە دوو بە دوو لە ناو پۆلدا هاوکاریی یەکتر دەکەن و بابەتەکان بۆ یەکتر باس دەکەن؟ ئەگەر هاوڕێیەکت لە بابەتێکدا لاواز بێت، ئایا مامۆستا ڕێگەت دەدا هاوکاری بکەیت وانەکەی بۆ باس بکەیت؟ (میتۆدی هاوکاریی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 12 | ئایا تۆ یان هاوڕێکانت هەڵدەستن و وەکو مامۆستا لە پۆل وانە بڵێنەوە ؟ (میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 13 | ئایا مامۆستا هاوکاری تۆ و هاوڕێکانت دەکات کاتێک لە بابەتێک تێنەگەن؟ (میتۆدی ئەسکەلە) | | | | | | | | | | |
| 14 | ئایا مامۆستای بیرکاری پرسیارەکانتان بۆ دەکات بە وێنە، بۆ نموونە پرسیارەکە بخوێنێتەوە و دواتر بیکاتە وێنە؟ فێری ئەوەتان دەکات چۆن لێکدان کۆکردنەوە و شتەکانی دیکە لە ڕێگەی هێڵکاری و وێنەوە وەڵام بدەنەوە؟ (میتۆدی سینگاپووری و چینی) | | | | | | | | | | |



## فۆرمی فیدباکی قوتابی و خوێندکار- فۆرمی ژمارە 2

## (پۆلی 7 ی بنەرەتی  تا پۆلی 12ی ئامادەیی)

| ناوی مامۆستاکان | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | | ناوی مامۆستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | پرسیارەکان | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| 1 | ئایا لە مامۆستا تێدەگەیت کاتێک وانە دەڵێتەوە؟ (زمانی وانەگوتنەوە) | | | | | | | | | | |
| 2 | ئایا مامۆستا داوای ڕوونکردنەوە و بەڵگەت لێ دەکات کاتێک وەڵامی پرسیارێک دەدەیتەوە؟ (ئەرگوومێنت، کۆبەڵگە) | | | | | | | | | | |
| 3 | ئایا مامۆستا پرسیاری کراوەت لێ دەکات؟ وەک: (بۆچی، چۆن، دەتوانی بۆم ڕوونبکەیەوە...) (پرسیاری کراوە) | | | | | | | | | | |
| 4 | ئایا هەموو پۆلەکە بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر یەک بابەت دەکەن؟(میتۆدی سوکراتی) | | | | | | | | | | |
| 5 | ئایا مامۆستا لەسەر وایت بۆرد نەخشە و وێنە و هێڵکاری بەکاردەهێنێت؟(میتۆدی نەخشەی زاراوەکان و نەخشەی بیرکردنەوە یان هزری) | | | | | | | | | | |
| 6 | ئایا ئێوە بە گرووپ (بە کۆمەڵ) کارتان کردووە؟ (کاری گرووپ) | | | | | | | | | | |
| 7 | ئایا هەموو پۆلەکە بەیەکەوە یەک دەقێک (بابەت) دەنووسن؟(مۆدێلی بازنەیی) | | | | | | | | | | |
| 8 | ئایا مامۆستا ڕێگەتان پێدەدا ئێوە وەک مامۆستا  وانە پیشکەش بکەن؟ (میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 9 | ئایا لە کاتی وانەگوتنەوەدا  مامۆستا یاریتان پێدەکات؟ (میتۆدی یاریکردن) | | | | | | | | | | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | ئایا مامۆستا میتۆدی دەروازە بەکار دێنێت؟ (میتۆدی دەروازە) | | | | | | | | | | |
| 11 | ئایا ئێوە جاروبار دوو بە دوو بەیەکەوە کار دەکەن و هاوکاری یەکتر دەکەن (میتۆدی هاوکاریی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 12 | ئایا هەندێ جار ئێوە وەکو مامۆستا وانە بە هەموو پۆلەکە دەڵێنەوە؟ (میتۆدی وانەگوتنەوەی هاوتەمەنەکان) | | | | | | | | | | |
| 13 | ئایا مامۆستا هاوکاری تۆ و هاوڕێکانت دەکات کاتێک ئێوە لە بابەتێک تێنەگەن؟ (میتۆدی ئەسکەلە) | | | | | | | | | | |
| 14 | ئایا مامۆستا پرسیارەکانی بیرکاریتان بۆ دەکات بە وێنە؟ ئایا مامۆستای بیرکاری بە شێوەی جیاواز کۆکردنەوە، دابەشکردن، دەرکردن و لێکدانتان فێر دەکات، بۆ نموونە لە ڕێگەی هێڵکاری وو وێنەوە؟ (میتۆدی سینگاپووری و چینی) | | | | | | | | | | |





## نۆیەم: مافەکان:

1 - مامۆستای ڕاهێنەر هەموو ساڵێکی خوێندن پاش تەواوکردنی ئەرکەکانی بە باشی لەو ساڵەی خوێندندا ڕێز و سوپاسی فەرمی وەزیری پێدەدرێت.

2 - وانەی ئاسـایی بە قوتابیان ناڵێتەوە و تەنیا کاری ڕاهێنان دەکات.

3 - وەزارەت سـاڵانە بە گوێرەی توانای دارایی هەوڵدەدات پاداشـتێکی ماددییـان پێشـکەش بکات. جیا لـەوەی دەرماڵەیەکـی مانگانەی 50000 پەنجا هـەزار دیناری وەردەگرن بەگوێرەی بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (16242) لە ( 9ی 11ی 2023).

4 - وەزارەت داتاشـۆیان بـۆ دابیـن دەکات لـە ڕێگـەی بەڕێوەبەرایەتـی مەشـق و ڕاهێنانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

5 - مافـی خوێندنـی دبلۆمـی بـاڵا و ماسـتەر و دکتۆرایـان هەیـە بـەو مەرجەی لە شـێوازی ڕێگاکانی وانە گوتنەوە بێت.

6 - هـەر شـاندکردنێك (ئیفـاد) لـە بـواری ڕاهێنـان بـۆ دەرەوەی وڵات هەبێـت، تەنیـا مافـی ئـەم مامۆسـتا ڕاهێنەرانەیـە کە سـوود وەربگرن لە ئەزموونـی نـوێ، وەزارەت پابەنـد دەبێـت بە شـاندکردنیان بەشـێوەیەکی دادپەروەرانە.

**دەیـەم:** لادان و بەخشـینی مامۆسـتای ڕاهێنـەر تەنیـا لـە دەسـەڵاتی وەزارەتدایە و دەبێت پاسـاوێکی باوەڕپێکراو هەبێت.

**یازدەیـەم:** لـە قۆناغەکانـی دواتـر، پـاش وەرگرتنـی کۆرسـی ڕاهێنانی تایبـەت مامۆسـتای ڕاهێنەر خولـی کارگێڕی و بەڕێوەبردن بـۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەکەنەوە.

1992

حکومەتی هەرێمی کوردستان

حكومة إقليم كوردستان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

١٩٩٢